# وتووێژی جەعفەر ئەمینزادە لە گەڵ سایتی بۆ رۆژهەڵات

**ناڤەندی رۆژنامەوانانی کوردوستانی ئێران.**

14:07 - 07 10 2007



**خالید محەمەدزادە**: سالێک لەمەوبەر کاتێک جەعفەری ئەمینزادەم بۆ یەکەمجار دواند پەردەی لە سەرکۆمەڵێک ناکۆکیی گرنگ لە نێو حیزبی کمونیستی ئێران‌و کۆمەلە هەڵدایەوە کە ئەم چاوپێکەوتنە گەلێک باس‌و خواسی دیکەی بە شوێن دا هات. ئێستا سالێک بە سەر ئەو چاوپێکەوتنە دەگوزەرێ‌و لە ماوەیەدا زۆر رووداوی گرنگ هاتنە گۆرێ‌وهاوکات حیزبی کمونیست بە بی گوێدانە رەخنەگەرەکانی، تازەترین کونگرەی بەست‌و کێشەکانیشی وەک خۆی مایەوە... بۆ زیاتر قسە کردن لە سەر حیزبی کمونیست‌و رێکخراوی کوردستانییەکەی‌و کۆمەلێک پرسی پێوەندیدار جەعفەری ئەمینزادەمان دواندو سەرەتا لێم پرسی:

**رات لە سەر ئینشعاب لە کۆمەلەی شۆرشگێر چیەو بۆ ئینشعابیان تێ کەوت؟**

ئەسڵی ئینشعابەکەیان دەگەرێتەوە سەر نەبوونی ئینسجامێکی فیکری و نەزەری و بەو پێیە هەڵبژاردنی تاکتیک و سیاسەتی چەوت و نەگونجاو و لە هەمان کاتدا راسترەوانە. دەبینین لە سەردەمێکدا دەکەونە فازی خۆشباوەری بە رەوتی "رێفۆرم و ئیسلاحات" لە نێو خۆی رژیمی ئێراندا و دواتر کاتێک خودی ئەو رەوتە تووشی لاوازی و شکان دەبێ، روو دەکەنە پشت بەستن بە هێزی دەرەکی بۆ رووخاندنی جمهووری ئیسلامی و هیوا بە هێزی جەماوەر لە دەزگای فیکریاندا جێگایەک پەیدا ناکا. کاتێک کە پرۆژەی ئەمریکاش لە عێراق تووشی موشکلە دەبێ بۆ جارێکی دیکەش بنە مای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکانیان دەرووخێ و دیارە تووشی بن‌بەست و گێژاوەی فیکری دەبن. دیارە گەلێک فاکتەر و دیاردەی وەک پاوانخوازی، لە دەستدانی ئۆتۆریتەی سیاسی رهبەری، نارۆشنی مەسەلەی مالّی و ... ئەمانەش لە بە کردەوە دەرهاتنی پرۆسەی ئەم ئینشعابەدا دەوریان گێراوە. من ئەگەر بمەوێ ئەم مەسەلەیە زیاتر شی بکەمەوە دەبێ بڵێم کە ئەم جەرەیانە بە ئیدیعای "ساخ کردنەوەی کۆمەڵە" لە ئێمە جیابوونەوە. بەلام پاش ماوەیەک بە رە بەرە ناوەرۆکی راستەقینەی بۆچوون و سیاسەتەکانیان خۆی نیشاندا، بە جۆرێک کە لە مێژبوو ئیتر بەشی هەرە زۆری بیر ورای گشتی خەڵکی کوردوستان و بە تایبەت بیر ورای چەپ و سۆسیالیستی نێو بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردوستان هیچ باورێکیان بە ئیدیعاکانی ئەوان نەمابوو، و وەک رەوتێکی راست و بە تەواوەتی دوور لە بۆچوون و رێبازی کومەڵە پێناسە دەکران.

**لە سەروبەندی ئینشعابەکەیان باس لەوە دەکرا کە بالی رێفۆرم لە گەل ئێوە وەک رەخنەگرانی حیزبی کمونیست یەک دەگرن. ئەو دەنگۆیە بۆ چی دەگەرێتەوە؟**

ئەوە هەر وەک بۆ خۆت باست کرد دەنگۆیکە و هیچی‌تر. دووری و نزیکی حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکان بە هەڵسەنگاندنی بنەمای فیکری و لە رووی هەڵوێستە سیاسی‌یەکانیانەوە هەڵدەسەنگێندرێ نەک لە رووی ئەو دەنگۆیانەی وا لێرە ولەوێ و هەر کام بە مەبەستێکەوە بلاو دەکرێنەوە. ئەو رێکخراوەی کە لە سالّی ۲۰۰۰دا لە کۆمەلە جیا بوەوە و دواتر خۆی بە "کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی..." نێوزەد کرد، بەرەبەرە لە هەموو سونەتە باش و بە نرخەکانی کۆمەڵە و لە چی هەڵوێستی چەپ و سۆسیالیستی‌یە پاشەکشەیان کرد و بە پەلە بەرەو راست چوونەتە پێش و ئەو وەرچەرخانە سیاسی‌یە هەر وەک لە جواب بە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم

پێداوه، له هەموو سیاسەت، تاکتیک وکردەوەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەموو هەوڵی ئەوان لەو ماوەیەدا ئەوە بووە کە خۆیان لە بەرەی ئەحزابی ڕاستدا جێ بکەنەوە و ماڵ ئاوایی لە بەرەی چەپ بکەن. کە وابوو بە بڕوای من مەودای نزیک بوونەوەش لە گەڵیان نەماوە تا چ بگا بە یەکگرتن.

**ماوەیەک لەمەوپێش کۆبوونەوەیەک لە سوئید گیرا کە تێی دا ڕەخنەگرانو موخالیفانی حیزبی کمونیست بەشداریان کردبووو ئێوەش بەشدار بوون. ئەو کۆبوونەوەیە لە سەر چی بوو؟ بۆ؟**

بەڵێ وایە لە تاریخی ٢٥ی مانگی ئووتی ٢٠٠٧دا جەمعێک لە هاوڕێیانی لە مێژینەی کۆمەڵە کە بەردەوام هەڵس وکەوتەکانی کۆمەڵەیان ڕەچاو کردوە و پێوەی ماندوو بوون، بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە نامەیەکدا داوایان لە هەر دوو لایەنی نێو تەشکیلاتی ئێمە کردبوو کە لە پانێڵێکدا دابنیشین و باسی کیشەکانی نێو خۆمان بکەین. بە داخەوە ڕیبەرایەتی حیزبی کومونیست جوابی ڕەدی بە داواکاری‌یەکەی ئەو هاوڕێیانە دایەوە و حازر بە بەشداری لەو کۆبوونەوەدا نەبوون. بەڵام ئێمە بە دەم بانگەوازەکەیانەوە چووین و لەو کۆبوونەوەدا کە ئەو هاوڕێیانە سازیان دابوو بەشداریمان کرد کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم سپاسی ئەرک و ماندوو بوونیان بکەم. ژمارەیەکی نزیکەی ٦٠ کەس کە هەموویان هاوڕێیانی لە مێژینەی کۆمەڵە بوون بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگهێشت کرابوون. تەوەرەی باسەکان بە گشتی لە سەر جیاوازی‌یەکانی ئێمە وەک بۆ چوونمان لە سەر بزووتنەوەی کرێکاری، مەسەلەی میللی و دیمۆکراسی پۆنگی خواردبووەوە و لە پاڵ ئەوانەشدا هەندێ ڕخنە لە شێوە و ڕەوشی تەشکیلاتیش لە لایەن بەشداربوانەوە هاتنە ئاراوە.

**لە کاتێک حیزبە کوردییەکان لە حالی ئینشعابو لەبەر یەک هەڵوەشان دان پێت وایە کۆمەڵەی حیزبی کمونیست دەتوانێ چ دەورێک لە کوردستان بگێرێت؟**

تا ئەو جێگای دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵە، بەڵێ، بە بڕوای من کۆمەڵە لە دنیای واقیعدا لەو پوتانسێلە بەهرەمەندە کە بتوانێ لە ئاڵ و گۆڕەکانی داهاتووی کۆمەڵگای کوردوستاندا دەور بگێڕێ. کوردوستانیش وەک هەر کۆمەڵگایەکی دیکە کۆمەڵگایەکی چینایەتی‌یە و چین و توێژی جۆراوجۆری تێدایە. چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردوستان بەشێکی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایە پێک دێنن. کۆمەڵە ئەمڕۆ لە کوردوستان هەر بە تەنیا یەک ڕێکخراوە نییە، بەڵکوو ڕەوتێکی فیکری کۆمەڵایەتی‌یە، تەشکیلاتی ئێمەش نوێنەری فیکری ڕەوتی رادیکاڵ و سوسیالیستی کۆمەڵگای کوردوستانە، ئەو ڕەوتەش هەر وەک باسم کرد ڕەوتێکی سەرەکی‌یە و جێ متمانەیە لە کوردوستان. بەو پێیە بەڵێ ئەگەر ئێمە هەندێ ئاڵ و گۆر لە هەڵس و کەوتماندا پێک بێنین بێگومان دەتوانین لە ئاڵ و گۆڕەکانی داهاتووی کوردوستاندا دەورمان هەبێ.

**ئێوە وەک خوازیارانی لابردنی قالبی حیزبی کمونیست داواکانتان بە کوێ گەیشت، ئایا لایەنی زۆرینەی ڕێبەری حیزبی کمونیست بە دەنگ داواکانتانەوە دێن؟**

کێشەی نێو تەشکیلاتی ئێمە بە پێچەوانەی هەندێ لە هاوڕێیانمان کە دەیانەوێ بە کێشەیەکی کەم بایەخی دابنێن و لە ژێر نێوی ئەوەدا کە "ئەمانە ژمارەیەکی کەمن" و "هیچ بەرنامە و پلاتفۆرمێکیان نی‌یە"، خۆی لێ دەبوێرن، کێشەیەکی جیدی‌یە هەم لە نێو تەشکیلات و هەم بە تایبەت لە کۆمەڵگای کوردوستاندا. تائەو جێگای بە ئێمە بگەڕێتەوە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە کردەوە هەوڵمان داوە کێشەکە لە بوارێکی سیاسی و لە کەش و هەوایەکی ڕەفیقانەدا ببەینە پێش. ئێمە نەمان ویستوە و ناشمانەوێ کە سوننەتی دزێوی سێکتاریستی و شکاندنی کەسایەتی ئینسانەکان کە بە داخەوە بوەتە سوننەتی باو لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ناوچەکە، ڕەچاو بکەین. بە لای ئێمەوە ئینساندۆستی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانەکان جیاواز لە فیکر و بیر وبۆجوونیان مەحەکی بیر وبۆچوونێکی ئازادیخوازانەیە و ئێمە خۆمانی پێ پێبەند دەزانین. ئێمە لەمەو بەدواش هەر ئەو ڕەوتە درێژە پێ دەدەین و هەوڵ دەدەین بە جیدی و لە هەمان کاتدا بە کەڵک وەر گرتن لە هەموو

ئیمکــانێکی گونجــاو و مــەشــرووع باســەکانمــان بهێنینــە گــۆڕێ و شــێلگیرانە پــەیــشوێنیان بگــرین. ئەوەی کە هاوڕێیانمان چۆن بە پیرمانەوە هاتوون، بە داخەوە دەبێ بڵێم کە بێ کێشە نەبووین. هاوڕێیانمان کە هەموو دەزگا و ئیمکاناتە تەشکیلاتییەکانیان لە دەستدایە، ئەو ئیمکانەیان بۆ نەخولقاندووین کە لە قەدەر خۆشمان لە دەزگا پروپاگاندە و تەبلیغییەکانی کۆمەڵە بۆ دەربڕینی بیرو باوەڕەکانمان کەڵک وەر بگرین و تەنانەت داواکاری راستەو خۆی ئێمە بۆ کەڵک وەر گرتن لە دەزگا تەبلیغییەکانمان بێ وەڵام ماوەتەوە.

**پێتت وانیە لە داهاتووی نێزیک لە ناو حیزبی کمونیست لە سەر قبوول نەکردنی داواکانی ئێوە ئینشعاب روو بدا ئەگەر داواکانتان جێ بە جێ نەکرێ؟**

لە ڕوانگەی ئێمەوە هەموو ئەم تەشکیلاتە هەر کۆمەڵەیە. دیارە ئێمەش نامانەوێ لە کۆمەڵە ئینشعاب بکەین. بەڵام رەوتێک لە نێو تەشکیلاتدا هەیە کە نەک دوور تەنانەت بەر چاوی خۆشی نابینێ. بە بڕوای من ئەو رەوتە دەتوانێ مەترسییەکی گەورە بێ لە سەر کۆمەڵە. بەو مانا کە ئەو رەوتە کۆمەڵە زیاتر بەرەو تەریک مانەوە دەبا لە نێو کۆمەڵگای کوردوستاندا. ئەم بۆ چوونە لە نێو تەشکیلاتی ئێمەدا هەر ئێمە نین کە ناکۆکیمان لە گەڵی هەیە. بەڵکوو لە تەشکیلاتدا هەن کەسانی دیکەش کە لە گەڵ ئەو رەتە لە ناکۆکیدان و دژایەتی دەکەن. بەڵام لە تەشکیلاتدا لە بەر ئەوە دەنگیان دەر نییەت، ئێمە بە کەسانێک کە لە هەوڵی ئینشعابداین بەوان دەناسێنن. ئەم رەوتە کە لە هەوڵی کز کردن و بە تەریک خستنەوەی کۆمەڵەدایە، بە داخەوە لەم یەک ساڵەی دوایــیدا لــە ڕێکخــراوی دەرەوەی وڵاتدا تــا رادەیــەک جــێ پــێیــەکــی بــۆ خــۆی پــەیــدا کــردوە. سەبارەت بە وەی کە ئایا ئینشعاب لە گۆڕێدا دەبێ یان نە، هەر وەک باسم کرد تا ئەو جێگایە بە ئێمە بگەڕێتەوە ئێمە نە لایەنگری ئینشعابین و نە هەوڵیشی بۆ دەدەین، بەڵام دەستێک بە تەنیا تەقەی نایە، ئەوەی کە لایەنی دیکەی ئەم کێشەیە هەڵسو کەوتی لەم بابەتەوەچون دەبێ، دەتوانێ لەم بوارەدا دەوری سەرەکی بگێرێ.

**رای ئێوە لە سەر حیزبی حیکمەتیست چیەو پێوندیتان چونە لە گەلیان؟**

ئەم رەوتە بە هەموو باڵەکانیەوە رەوتێکی ناسراون لە نێو بزووتنەوەی چەپ، کرێکاری و ئازادیخوازانەدا. هەڵوێستیان لە سەر کۆمەڵە و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ کۆمەڵە مێژوویکی دیاریکراوی هەیە و کەس نییە لە نێو چەپ لە ئێران و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردوستاندا کە دەور و نەقشی ئەو رەوتە لە زەربەدان لە کۆمەڵە نەزانێ و لە گەڵی ئاشنا نەبێ. چەپی کوردوستانی عێراقیش لە زەرەر و زیانەکانی ئەو رەوتە کەمی پێ نەگەیی. چارەنووسی ئەو رەوتە و بەش بەش بوونیان، بە روونی نیشاندەری بێ ناوەڕۆکی و غەیرە واقعی بوونی هەڵوێست و لێکدانەوەکانیانە. مادام کە ئەو رەوتە و لەوانەش حیزبی "حێکمەتیست" هەر لەسەر ئەو بیر وبۆچوونانە بن، پێوەندی و نزیکایەتییەک لە نێوان ئێمە و ئەواندا لە ئارادا نابێ. دیارە بوون کەسانێک لە تەشکیلاتی ئێمەدا کە سەردەمێک هەوڵێکیان بۆ نزیک بوونەوە لە یەک دوو باڵی ئەو رەوتە و لەوانە حیزبی "حیکمەتیست" دا، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت کە نە جێ هیوان و نە تەشکیلاتیش ئەو نزیکایەتییە دەسەلمێنێ.

**ماوەیەک لەمەوپێش حیزبی کمونیست ئێران تازەترین کونگرەی خۆی بەرێوە برد، ئایا ئێوە بەشداریتان کرد؟ لە هەمووی گرنگتر پێت وایە ئەو کونگرە توانیویە کێشەکانی ناو حیزبی کمونیست وەک خوی ببینێو ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزیتەوە؟**

کاتێک ئێمە قسە وباسەکانی خۆمان لە سەر زەروورەتی کار کردن بە ناوی کۆمەڵەوە لە ساڵانی رابووردودا و بە شێوەی عەلەنی بە ئاگاداری خەڵک گەیاند، لە گەڵ گاردێکی هیستریک لە لایەن ڕێبەری حیزبی کومۆنیست و زۆرینەی ڕێبەری کۆمەڵەوە رووبەروو بووین. بە تایبەت بە شوێن چەند وت و وێژێکی رۆژنامەوانی بە دوای کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵەدا لە لایەن ئێمەوە کە بۆچوونی خۆمانمان لە سەر چەند خاڵێکی گرینگ لە کێشەکان هێنابووە ئاراوە، کەش و هەوایەکی هیستریک و ناخۆش و تێکەڵاو لە گەڵ تۆمەتی جۆراوجۆر لە نێو تەشکیلاتدا

له دژی ئێمه وه‌ڕێ خرا. ته‌نانه‌ت له لایه‌ن که‌سانێکه‌وه تۆمه‌ت و قسه‌ی ناڕه‌واش ده‌رحه‌ق به ئێمه زۆر کراوه. ڕێبه‌رانی ڕه‌وتی به‌رانبه‌رمان نه‌ک هه‌ر که‌لیمه‌یه‌کیان له‌م بابه‌ته‌وه نه‌گوتوه، به‌ڵکووزۆرجار ئه‌و تۆمه‌تانه‌شیان به ڕخنه‌ی سیاسی له قه‌ڵه‌م داوه. له وه‌ها هه‌ل و مه‌رجێکدا کۆنگره‌ی ۹ی حیزبی کمۆنیست به‌سترا. ئێمه له‌و کۆنگره‌یه‌دا به‌شداریمان نه‌کرد. نه‌ک له به‌ر ئه‌وه‌ی که قسه‌یه‌کمان بۆ کردن نه‌بێ، به‌ڵکوو ده‌مانزانی که له‌و که‌ش وهه‌وایه‌ی که خولقاندوویانه، ده‌نگی ئێمه نابیسترێ. به دوای ئه‌و کۆنگره‌یه‌شدا، له هه‌موو جێیه‌ک ڕایانگه‌یاند که کونگره‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوویان هه‌بووه. کۆنگره‌یه‌ک که ته‌نانه‌ت ئیشاره‌یه‌ک به کێشه‌کانی نێو خۆی ته‌شکیلاتی تێدا نه‌هاته گۆڕێ.

**حیزبی کمونیست چ ده‌ورو ڕۆڵێکی له بلووکبه‌ندی سیاسی ئه‌حزابی سیاسی له ئێران هه‌یه؟**

ئه‌وه‌ی ڕاستی بێ، حیزبی کمۆنیستی ئێران هه‌ر له سه‌ره‌تای درووست بوونی‌یه‌وه هه‌تا ئێستا، هه‌ر له ئێعتێبار و نفووزی کۆمه‌ڵه که‌ڵکی وه‌رگرتوه و ئێستاش ئه‌و ڕه‌وته هه‌ر درێژه‌ی هه‌یه. ئه‌گه‌ر سه‌رنجێک بده‌ینه سه‌ر پلێنۆمه‌کانی ئه‌و حیزبه له دوای جیا بوونه‌وه‌ی "مه‌نسووری حیکمه‌ت" و لایه‌نگرانی، زۆربه‌ی پلێنۆمه‌کان، پلێنۆمی هاوبه‌شی حیزبی کمۆنیستی ئێران و کۆمه‌ڵه بوون و هه‌موو که‌سیش ئه‌وه‌ی ده‌زانی که به‌م جۆره ڕێبه‌ری حیزبی کمۆنیستی ئێران ده‌ی ویست ئێعتێبار به پلێنۆمه‌کانی خۆی بدات. ئه‌گه‌ر نفووز و ئێعتێباری کۆمه‌ڵه نه‌بوایه، حیزبی کمۆنیستی ئێران نه‌یده‌توانی پێک بێت. که‌وابوو به بڕوای من له بلووک به‌ندی‌یه سیاسی‌یه‌کاندا حیزبی کمۆنیستی ئێران ده‌ور و جێ وشوێنێکی نی‌یه و ئه‌گه‌ر له لایه‌ن ڕه‌وته سیاسی‌یه‌کانیشه‌وه حیسابێکیشی بۆ بکرێ،(هه‌ر چه‌ند ئه‌م قسه ڕه‌نگه به زاری هه‌ندێ له هاوڕێیانی ئێمه تاڵ بێت) به هۆی بوونی کۆمه‌ڵه و وه‌زنی کۆمه‌ڵایه‌تی کۆمه‌ڵه‌وه‌یه.

**تو پێت وایه ده‌بێ ئه‌حزابی سیاسی بۆ داهاتووی کوردستانی ئێران چ به‌رنامه‌یه‌کی سیاسیان هه‌بێ، له هه‌مووی گرنگتر له‌و هه‌موو ته‌رحو به‌رنامه‌یه که هه‌ر حیزبێک بۆ خوی هه‌یه‌تی به ڕای تو گونجاوترینو مه‌قبولترین به‌رنامه‌ی سیاسی ده‌بێ چی بێ؟**

به بڕوای من گرینگترین خاڵ ئه‌وه‌یه که هه‌ر به‌رنامه و پرۆگرامێک ده‌بێ له ئیراده گه‌رایی و خۆ به‌زل زانی به‌دوور بێ و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که له گه‌ڵ هه‌ل و مه‌رجی واقێعی ڕۆژدا ده‌بێ بگونجێ، پێویسته جوابی ڕوونیشی بۆ داخوازی‌یه‌کانی ژیانی خه‌ڵک تێدابێ. خاڵێکی دیکه ئه‌وه‌یه که به بڕوای من هیچ هێزێکی سیاسی بۆی نی‌یه پرۆگرام و به‌رنامه‌کانی خۆی به سه‌ر خه‌ڵکدا بسه‌پێنێ و خه‌ڵکی کوردوستان ده‌بێ بتوانن له که‌ش و هه‌وایه‌کی ئازاد و دێمۆکراتیکدا به ده‌نگی ڕاسته وخۆی خۆیان به‌رنامه و پلاتفۆرمی ژیانی داهاتوویان هه‌ڵبژێرن. به‌رنامه‌ی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی داهاتووی کوردوستان ده‌بێ لایه‌نه سه‌ره‌کی‌یه‌کانی ژیان و گوزه‌رانی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک دابین بکات و به ڕوونی پاراستنی ئازادی و دێمۆکراسی و نه‌هێشتنی هیچ چه‌شنه سته‌م و هه‌ڵاواردنێکی تێدا زه‌مانه‌ت کرابێ ده‌سه‌ڵاتی داهاتووی کوردوستانیش ده‌بێ ئه‌و مافانه به بێ هیچ خۆلادانێک بسه‌لمێنێ و به‌ڕێوه بردنیان زه‌مانه‌ت بکا.

**ئێستا له بلوکبه‌ندی سیاسی ئه‌حزابی کوردی له کوردستانی ئێران سێ جه‌ریان خۆیان وه‌ک کۆمه‌له پێناسه ده‌که‌ن، لای تو کۆمه‌له‌ی ئه‌سل کامه‌یه‌و بۆ؟**

هه‌ر وه‌ک پێشتریش ئاماژه‌م پێدا، ئه‌مڕۆ ئیتر کۆمه‌ڵه هه‌ر به ته‌نیا قه‌واره‌یه‌کی ته‌شکیلاتی نی‌یه به‌ڵکوو ڕه‌وتێکی دیاریکراوی کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه که مێژوو و پێناسه‌ی خۆی هه‌یه. کۆمه‌ڵه ئه‌ و ڕه‌وته‌یه که به درێژایی مێژووی خۆی بێ ئه‌م لاو ئه‌و لا پارێزه‌ری ماف و به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانی کۆمه‌ڵانی کرێکار و زه‌حمه‌تکێش بووه و ئه‌و به‌رژه‌وه‌ندی‌یانه‌ی له سه‌رووی هه‌موو خواسته‌کانی‌یه‌وه داناوه. داکۆکی کردن له مافی ژنان و خه‌بات بۆ نه‌هێشتنی سته‌م و هه‌ڵاواردنی جنسی، داکۆکی کردن و خه‌بات بۆ نه‌هێشتن و له به‌ین بردنی سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی و داکۆکی کردن و خه‌بات بۆ ئازادی و دێمۆکراسی له زۆمره‌ی پێناسه سه‌ره‌کی‌یه‌کانی ڕه‌وتی

کۆمەڵەن لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کردوستاندا. هەر ڕێکخراوێک کە ئەوانە ڕەچاو بکات و بە کردەوە بیانسەلمێنێ و بۆیان تێبکۆشێ، کۆمەڵەیە. ئێمە بۆ ئەو ڕەوتە و بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشین.

**بۆ کۆمەڵەی بە هێزی دەیەی ٦٠ ئەو هەموو ئینشعابو لێکترازانەی تێکەوت؟ تو هۆکارەکانی لە چی دا دەبینێ؟**

دەلیل و هۆکاری زۆر دەکرێ بۆ ئینشعاب و لێکترازانی ریزەکانی نێو کۆمەڵە نێو ببرێ، بەڵام لێرەدا بە چەند خاڵێک کە بە بروای من سەرەکین ئاماژە دەکەم. پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چ لە باری شکڵ و چ لە باری ڕەوتی پێکهاتنییەوە خۆی لە خۆیدا هەوێنی لێکترازانی تێدابوو. ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست کە لە ڕاستیدا بە تەواوی لە دەست "مەنسوور حیکمەت" و دواتر لە دەست "فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کارگەری"دا بوو، لە کردەوەدا توانای بەرێوە بردن و ئیدارە کردنی خەبات و موبارزەیەکی جەماوەری و هەروەها تەشکیلاتێکی تووددەیی وەک کۆمەڵەی نەبوو. بە توند بوونەوەی شەڕی ئێران و عێراق و گیرانەوەی یەک لە دوای یەکی ناوچە ئازادکراوەکان و پاشەکشەی ئیجباری هێزی پێشمەرگە، ڕێبەری ئەو کاتی حیزبی کۆمۆنیست بە تەواوی ورەی بەردابوو و توانای تەنانەت کاری فیکری و تێئۆریکیشی تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیبوو. لە هەل و مەرجێکی وەهادا ئەو ڕێبەرییە کە لە هەمان کاتدا بەرە بەرە بێ بنەمایی تەحلیل و لێکدانەوەکانیشی خۆی نیشان دەدا و هیچ ئاسەوارێک لە "رووهێنانی هەزاران کەسی لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری بۆ ناو ریزەکانی حیزب" بەدی نەدەکرا، دەستی کرد بە بیانوو هێنانەوە کە گوایە "کۆمەڵەی ناسیۆنالیست" کۆسپی سەر ڕێگای بەرەو پێش چوونی سیاسەت و لێکدانەوەکانی ئەوانە و "هەرچی ئەوان دەیڵێن خەڵکی‌تر تێی ناگەن و بەرێوەی نابەن". بەو جۆرە کەش و هەوایەکی لەباریان بۆ دەرباز کردنی خۆیان لە ژێر باری بەرپرسایەتی‌یەکی قورس کە لەو سەر دەمەدا کەوتبوە سەر شانی ڕێبەرایەتی تەشکیلاتی ئێمە، پێکهێنا و هەر وەک دواتریش دیتمان پرۆژەی هەزیمەت بەرەو ئورووپایان بەرێوە برد. بە کورتی هۆی بە جێ هێشتنی کۆمەڵە لە لایەن ڕێبەری ئەو کاتی حیزبی کۆمۆنیستەوە لە ڕاستی‌دا لە لایەکەوە بێ بنەمایی تەحلیل و لێکدانەوەکانیان و لەلایەکی دیکەشەوە ورەبەردان و لێ‌نەهاتوویی‌یان لە بواری بەرێوە بردن و هێدایەتی خەبات و بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە هەل و مەرجی دژوار و ئاستەنگدابوو.

ڕێبەری ئینشێعابی دووهەم کە بۆ خۆی دەورێکی سەرەکی هەبوو لە لێکترازان و هەزیمەتەکانی دەوری یەکەمدا. بە هوی بە چەند نەگیرانی لە لایەن "فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کارگەری" یەوە گەڕابوەوە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە بەڵام دەور و جێ وشوێنی جارانی لە نێو تەشکیلاتدا لە دەست دابوو. ئەم ڕێبەرییە کە جگە لە مەسڵەحەت و بەرژەوەندییە شەخسی‌یەکانی خۆی بە هیچ بنەمای فیکری و ئیدئۆلۆژی‌یەک پێبەند نەبوو، لە سەردەمێکدا کەوتە شوین ڕەوتی "دووی خورداد" و ئەوەی کە لە نێو جمهووری ئسلامیدا بە بالی "ڕیفۆرم خواز" نێوی دەرکردبوو. گەلێک هەوڵی دا بۆ خۆ نزیک کردنەوە لەو باڵە، بەڵام پاش ئەوەی کە ئەو ڕەوتە لە نێو ڕژیمدا رووی لە کزی نا، ئەو ڕێبەریشە کەوتە شوێن پەیدا کردنی ئالتێرناتیڤی دیکە. گرتنی کۆنفرانسی واشینگتۆن ئەو خۆشباوەری‌یەی تێدا پێکهێنابوو کە ڕەنگە بە یارمەتی هێزە دەرەکی‌یەکان بتوانێ دەریچەیەک بۆ بەشداربوونی لە دەسەڵاتی داهاتووی کوردوستاندا لە رووی خۆی بکاتەوە. دواتر و پاش جیابوونەوەیان لە کۆمەڵە و بە دەست پێکردنی شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق، ئەم بۆجوونە زۆرتر و روونتر خۆی نیشاندا. بە کورتی ئەوەی کە ڕێبەری ئینشعابی دووهەمی بەرەو جیابوونەوە لە کۆمەڵە پاڵ پێوە نا بە پێچەوانەی ئیدیعاکانیان نەک "ساخکردنەوەی کۆمەڵە" بەڵکوو پەیدا کردنی دەرفەتێک بوو بۆ جوابدانەوە بە مەسڵەحەت و بەرژەوەندییە شەخسی‌یەکان. ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو ئەو ڕەوتە کە بوو بە هۆی ئینشیعاب لە نێویاندا ڕاستی ئەم بۆ چوونە دەسەلمێنێ. هەڵبەت ڕوکردنە سیاسەت و تاکتیکی ڕاستڕەوانەش کە لە نێو کۆمەڵەدا مەودای نەبوو، هۆیەکی سەرەکی دیکەی جیابوونەوە و ئینشێعابی دووهەم بوو.